# ئەمریکا لەتەنگژەی راستین نزیک دەبێتەوە

**ریکار ئەحمەد**



هەولەیەک لەدوای یەکەکانی جۆرج بووشی سەرکۆمار و کابینەی حکومەتی ئەمریکا بۆ مسۆگەرکردنی ئامانجەکانیان لەعێراق رۆژ دوای رۆژ بەرەو شکست و ناکامی دەڕوات ، ئێستا جگەلەنەیارانی ئەمریکا، دەبینین هەم پارتی دیموکراتیخوازی ئەمریکا و هەم نانسی پلوسی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران

و هیلاری کلنتنی پاڵێوراوی بەهێزی دیموکراتەکان بۆ پۆستی سەرکۆماری ئەو وڵاتە رۆژ دوای رۆژ رەخنەکانی خۆیان توندتر و بەربڵاوتر دەکەنەوەو داوای خشتەیەکی دیاریکراو بۆ کێشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق دەکەن . تەنانەت خودی سەرکۆماری ئەمریکا لەکۆششەکانی خۆی کەم هیوا، بەگومان و خەمساردبووە. لەلایەکەوەگەلی ئەمریکا چیتر ئامادەنیەپێشوازی لەتەرمی سەربازەکوژراوەکانی بکات ، دایکان و باوکان و هاوسەرانی سەربازەکانیش شێلگیرانەدەخوازن کەسەربازەکان بگەڕێنەوەو لەعێراق بەکوشتن نەدرێن!! ئەمەوای لەپارتی دیموکراتیخوازی ئەمریکاو ڕێبەرانی ئەو پارتەکردووەکەراشکاوانەتر و بێباکانەتر رەخنەلەحکومەتی خۆیان بگرن و بەکەمترخەم و بێبەرنامەناوی بهێنن . جۆرج بووش کەنەخشەی دیموکراتیزەکردنی رۆژهەڵاتی ناڤینی دارشتبوو ، دووچاری گەورەترین ناکامی بۆتەوە، نەک هەنگاوەکانی لەو بوارەدا لەجێگەی خۆیاندا وەستاون، بەڵکو نەتوانراوەلەعێراقیش سەرکەوتن بەدەست بهێنێ و لەئامانجەکانی خۆی نزیک بکەوێتەوە. ئێستا دیموکراتیزەکردنی عێراق زیاتر لەخەون و خەیاڵی منداڵانەدەچێ . گەل و وڵاتان ئامادەنین گوێ لەبەیت و باڵۆرەکانی دیموکراتیزەکردن بگرن ، ناچارن بەدوای ڕێگەچارەیەکی دیکەدا بڕۆن و سەرمایەگوزاری سیاسی لەسەر بکەن .

پلانەکانی ئەمریکا لەئەفگانستان و عێراق و لوبنان و فەلەستین لەبەردەم هەڕەشەی شکست و دۆڕاندان، حکومەتی ئەمریکا و خودی جۆرج بووش نەئامادەن بەخۆیان دابچنەوە، نەدەشتوانن ڕێگەی سەرکەوتن مسۆگەر بکەن . چاودێرانی سیاسی پێیانوایەجۆرج بووش و حکومەتی ئەمریکا دووچاری لەخۆگۆڕان و بایی بوون هاتبوون ، پێوانەیان بۆ هیچ حکومەت و وڵات و بەرنامەیەکی دیکەنەدەکرد ، هەرگیز چاوەڕوانی ئەو رۆژەیان نەدەکرد ، ئەوان هیواداربوون بەکورتترین کات ، بەکەمترین سەرمایەو زیان ، زۆرترین دەستکەوت بۆ خۆیان و بۆ ئەمریکیەکان مسۆگەر بکەن و مێژوویکی مەزن بۆ خۆیان تۆمار بکەن ،راشکاوانەتەکانەیی خۆیان بۆ سەد ساڵ رادەگەیاند . ئێستا هاوکێشەکەپێچەوانەبۆتەوە، پلان و بەرنامەکان کورتیان هێناوە، تێڕوانینی سیاسی هەڵگەڕاوەتەوە، هاوپەیمانەکانی خۆشیان بەگومانەوەلەپلان و سیاسەتی ئەمریکا دەڕوانن .

دوای هەڵوەشانەوەی بلۆکی بەناو سۆسیالیستی ، ئەمریکا بەرێنوێنێ بەریتانیا بەرنامەی داگیرکاری و زلهێزی خۆی دارشت ، پێیانوابوو سەدەی نۆزدەی بەختی بەریتانیا بۆ ئەمریکا زیندوو دەبێتەوە، ئەوان دەتوانن لەشکرکێشی بۆ رۆژهەڵاتی ناڤین و هەموو جیهان بکەن و ئیمپراتۆریەتی مەزن دروست بکەن ، بەڵام گیانی خۆڕاگری و خەباتی گەلانی رزگاریخوازو تینووی ئازادی ئەو راستیەیان سەلماندووەکەئیتر مێژوو بۆ دواوەناگەڕێتەوە، گەلان بندەستی و داگیرکاری پەسند ناکەن و بەدوای ئازادی و پێشکەوتنی زۆرتردا دەگەڕێن .

ئەمریکا هەزاران کیلۆمەتری بڕی و بەخەیاڵی خاپاندنی گەلان هاتەرۆژهەڵاتی ناڤین و بانگەشەی ئازادی و رزگاری کرد ، گەلی کورد و گەلانی ژێردەست ئاواتەخواز بوون کەلەدەستەڵاتەملهوڕو داپلۆسێنەرەکان رزگارییان ببێ ، بەڵام دوای رووخاندنی سەدام بینیمان ئەمریکا بەسەرکەوتنەکانی مەست و حەیران بوو ، لەتەواوی بەڵێنەکانی خۆی پاشگەزبۆوە. وەکو سەردەستانی پێشووی بەغداد لەبەرانبەر کورد و شاری کەرکوکدا رەفتاری کرد ،ئیدی ئاشکرابوو کەئەمریکا بۆئەوەنەهاتووەتا ئازدی و رزگاری بۆ گەلان مسۆگەر بکات، تەنانەت هیچ مرۆڤێکی ژیر ناتوانێ باوەڕ بەوەبهێنێ کەئەمریکا بەو پێشینەی کەهەیەتی خۆبەخشانەهەزاران ملیار دۆلار سەرف بکات و بێ گەلانی ناوچەکەلەسەدامی دیکتاتۆر و خوێنڕێژ رزگار بکات !! . ئێستا ئاشکرا بووەبۆ ئەوەهاتووەلەناوچەدابکوتێ و نەڕواتەوە،بۆئەوەهاتووەسەرمایەی ئەو گەل و وڵاتانەبدزێ و هەڵلوشێ.

بۆ ئەوەهاتووەکولتور و سیاسەتی خۆی لەناوچەکەو جیهاندا پیرۆ بکات ، بۆئەوەهاتووەکۆمەڵگەیەکی بێبەندوباری سەرمایەداری هاوشێوەی خۆی ئاوا بکات ، ئەمەش لەگەڵ هەست و کولتوری نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی ناڤین یەکناگرێتەوە. بەئایدۆلۆژیای مرۆڤی ئازاد و رزگار نامۆیە، پێچەوانەی خەون و حەزەکانی کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتە، بۆیەئێستا ئەمریکا هەست بەگەورەیی کۆسپ و تەگەرەکانی سەر رێی بەئەنجام گەیاندنی بەرنامەکانی خۆی دەکات .

دەکرێ راشکاوانەبڵێین کەگروپەتووندڕۆ و دەمارگیرەکانی مەزهەبی خزمەتێکی گەورەیان بەبەرنامەکانی ئەمریکا کردووە، ئەمریکا لەپەنای پاساوی بنبڕکردنی تیرۆر و هەڕەشەکانی تیرۆریستانەوەدرێژەبەبەرنامەکانی خۆی دەدات و هەوڵدەدات کەهاوسۆزی گەلان و حکومەتەکان بۆلای خۆی رابکێشێ . ئەمریکا لەبن پەردەی شەڕی تیرۆر و تیرۆریستان زۆر چالاکانەهەوڵیداوەسیاسەتەکانی خۆی لەرۆژهەڵاتی ناڤیندا بەڕێوەببات ، تەنانەت مانەوەی لەعێراق و ناوچەکەبەو هەڕەشەتراویلکەییەگرێداوە، بانگەشەی ئەوەدەکات کەئەگەر هێزەکانی ئەوان لەناوچەکەنەبن ئیدی تیرۆرستان دۆزەخێکی گەورەدروست دەکەن ، تەڕو وشک بەیەکەوەدەسووتێنن ، کەچی هێندێک لەچاودێران دامەزراندن و دەستبەکاربوونی ئەو گروپەتووندڕۆیانەبەفیتی خودی ئەمریکا لێکدەدەنەوەو پێیانوایەکەلەژێرەوەبەهاوکاری و پارەی ئەمریکا دامەزراون ، نموونەش بەبزووتنەوەی تالیبانی ئەفگانستان و ڕێکخراوی ئەلقاعیدەدەدەن !!

وێڕای هەموو ئەو راستیانەهێشتا ناکرێ دوارۆژی ناوچەکەپێشبینی بکرێ ، بەڵام هاوکێشەسیاسیەکان و رووداوەترسناکەکان ئاماژەی ئاشکرا بەوەدەکەن کەئەمریکا لەتەنگژەیەکی راستین نزیک دەبێتەوە، نەتوانای ئەوەی هەیەبەسەر کۆسپ و تەگەرەکاندا سەرکەوێ نەبوێری ئەوەشی تێدا هەیەراشکاوانەدان بەشکستی خۆی بنێ و هێزەکانی خۆی لەناوچەکەبکشێنێتەوە!!

ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکا راشکاوانەدانوستاندن لەسەر خشتەی کێشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق دەکات ، ڕێبەرانی پارتی دیموکراتی نێو خانەی نوێنەرانی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا گەڵاڵەنامەیەکیان پێشکەش کردو داوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکایان لەعێراق کرد ، ئەوان خوازیاربوون کەکۆتایی ٢٠٠٨ تەواوی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق بکشێتەوە، لەلایەکی دیکەوەسێناتی ئەمریکا رەزامەندی خۆی پێشانداوەتا دانوستاندن لەناو ئەنجوومەنەکەیاندا سەبارەت بەبڕیارێک بکرێ و رۆژی ٣١-٣-٢٠٠٨ دوایین رۆژی ئەمریکیەکان لەعێراق بێ . ئەو پێشنیار و کۆششانەئاماژەبەشکستەکانی سیاسەتی جۆرج بووش دەدەن و خۆیا دەکەن کە ئەمریکا پێویستی بەوەهەیەچاو بەرابردووی خۆیدا بخشێنێتەوەو دۆستانەلەگەڵ گەل و وڵاتاندا رەفتار بکات .

# راگەیاندراوی کۆبوونەوەی دەستەی کارگێڕی بەرەی گۆڕان

کاتژمێر ١٤ی رۆژی ١٢-٣-٢٠٠٧ دەستەی کارگێڕی بەرەی گۆڕان بەئامادەبوونی سەرجەم ئەندامانی کۆبۆوە، سەرەتا بەخولەکێک راوەستانی بێدەنگ بۆ رێزگرتن لەگیانی پاکی شەهیدانی ١٢ی ئاداری سەرهەلدانی شاری قامیشلۆ کۆبوونەوە دەستی پێکرد، رۆژەڤی کۆبوونەوە بریتی بوو لەپێداچوونەوە بەبڕیارەکانی کۆبوونەوەی رابردوو، هەڵسەنگاندنی رەوشی هەنووکەیی کوردستان و عێراق .

کۆبوونەوە پێداچوونەوەیەکی وردی بۆ بڕیار و راسپاردەکانی کۆبوونەوەی رابردوو کرد، ئەوانەی ئەنجامدرابوون، نرخێندران و ئەوانەی تەواو نەکرابوون رەخنەکران و جەخت لەسەر حێبەجێکردنیان کرایەوە، سەبارەت بەرەوشی کوردستان کۆبوونەوە هیوای خواست کەحکومەتی هەرێم دەستوبرد لەچارەسەرکردنی قەیرانەکانی رۆژانەبکات و هەوڵی شێلگیرانە بۆ خۆشگوزەرانی جەماوەر بدات و هەنگاوی کردەیی بۆ یەکخستنەوەی ئەو وەزارەتانە بهاوێژێ کەتا ئێستا بەدوو لەتی ماونەتەوەو یەکیان نەگرتۆتەوە .

کۆبوونەوەلەپێوەندی بەڕێوەبردنی کۆنگرەی بەغداد بۆ چارەسەرکردنی تووندوتیژی و ئاڵۆزییەکانی ناو عێراق کەرۆژی ١٠-٣-٢٠٠٧ بەڕێوەچوو بوو، هەڵوێستەی کرد، پێیوابوو کەئاکامێکی بەرهەمدرای نەبووە، چاوەڕوان ناشکرێ هیچی ئەوتۆی لێوەبەرهەم بێ، بۆیە خوازیاربوو کەهێزە سیاسیەکانی کوردستان هۆشیارانەتر رەفتاری لەگەڵ دا بکەن و ئامادەکاری زۆرتری بۆ بکەن، بەتایبەتی کەبڕیاروایە دانیشتنی داهاتوو لەتورکیا بەڕێوەبچێ ، ئەمەش لەکاتێکدایە کەهەموو لایەک مەبەست و ئامانجەکانی بەشداربوونی تورکیا لەو کۆنگرانەدا دەخوێننەوە. لەلایەکی دیکەوە کۆبوونەوە هیوای خواست کەلیستی هاوپەیمانی کوردستان لەهاوپەیمانیکردنی لەگەڵ لیستەکانی دیکەدا وردبینانە رەفتار بکات و گوشاری هیچ هێزو لایەن و دەوڵەتێک پەسند نەکات هەروەها لەپێوەندی پێداچوونەوەی دەستووری عێراق کۆبوونەوە بەپێویسی زانی کەئەندامانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان ئەوانەی لەلیژنەی پێداچونەوەی دەستوور دان، هەوڵبدەن کەکێماسییەکانی سەبارەت بەمافە نەتەوەییەکان بەتایبەتی ئەوە جێگیر بکرێ کەگەلی کوردستان مافی ئەوەی هەبێ لەریفراندۆمێکی ئازاددا بڕیار لەچارەنووسی خۆی بدات .

کۆبوونەوەداوای لەکوردستانیان کرد کەئەمساڵ بەجۆش و خرۆشێکی تایبەتەوە پێشوازی لەجەژنی نەورۆزدا بکەن، بەهەر شێوەو شێوازێک بۆیان دەکرێ گیانی نەتەوەیی و نیشتمانی تێدا زیندوو بکەنەوە. هەر بەو بۆنەیەشەوە پیرۆزبایی جەژنی نەورۆزی لەگەلی کوردستان کرد و هیوای سەرکەوتن و بەختەوەری بۆ خواستن .

لەدوایین بڕگەدا کاک چەتۆ بەرانەتی لەبەرانبەر رازی نەبوونی لەهەندێ هەڵوێست دەست لەکارکێشانەوەی خۆی وەک ئەندامی دەستەی کارگێڕی راگەیاندو هیوای خواست کە لەکۆبوونەوەی داهاتووی ئەنجوومەنی بەرەدا کەسێکی دیکەی بێلایەن لەجێگەی ئەو بۆ ئەندامی دەستەی کارگێڕی دەستنیشان بکرێت .

**بەڵێ بۆ گۆڕان ..**

**بەڵێ بۆ پێشکەوتن ..**

**دەستەی کارگێڕی بەرەی گۆڕان**

13-3-2007

# راپۆرتی سەرۆکایەتی جڤاتی ئاسایشی نەتەوەیی تورک راشکاوانە دەدوێ

**ئامادەکردنی : رۆژی گەل**

ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورک لەدوایین راپۆرتی خۆیدا راشکاوانەئاماژەی بەو قەیرانانەداوەکەلەئاکامی لەشکرکێشی تورکیا بۆ باشووری کوردستان دێنەئاراوە. جڤاتی ئاسایشی نەتەوەیی تورک دوای لێکۆڵینەوەکانی خۆی سەبارەت بەپلانی حکومەتی تورکیا بۆ پێشڕەوی کردن لەهەرێمی کوردستان و چۆنیەتی رەفتارکردن لەگەڵ عێراقیەکان بۆی دەرکەوتووەکەسوودەکانی ئەو لەشکرکێشیەبەهیچ شێوەیەک لەگەڵ زیانەکانی بەراورد ناکرێن ، زیانەکانی هێندەمەزن و کاریگەر دەبن کەلەشکری تورکیا توانای ئەوەی نابێ بکشێتەوە.

لەو پێوەندیەدا راپۆرتی سەرۆکایەتی جڤاتی ئاسایشی نەتەوەیی تورک دووپاتی کردۆتەوەکەدەبێ حکومەتی تورکیا پێوەندی خۆی لەگەڵ سەرجەم پێکهاتەکانی ناو عێراق ، لەوانەکورد خۆش بکات و نیازپاکی خۆی پێشان بدات و دەستی دۆستایەتی درێژ بکات و هیچ پێکهاتەیەک نەوروژێنێ .

راپۆرتەکەپێشنیاری کردووەکەدەوڵەتی تورکیا داخواز لەئەمریکا نەکات تا پەلاماری بنکەو بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان ( پەکەکە ) لەنێو هەرێمی کوردستان بدات ، چونکەئەمریکا هێزی پێویستی نیەو بەدەست گرفتەکانی ناوخۆی عێراقەوەدەناڵێنێ .

راپۆرتەکەپێیوایەلەئاکامی ریفراندۆمیکی سادەدا پارێزگای کەرکوک بۆسەر هەرێمی کوردستان دەگەرێتەوە، بەمەش دەروازەی پێکهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆ دەکرێتەوە، بەڵام ئەمەلەلایەن گەلانی عێراق و دەوڵەتانی دراوسێوەرەت دەکرێتەوە، بۆیەکارێکی لەو بابەتەبەدوور دەزانێ و پێیوایەکەئەمریکا بۆ کارێکی ئاوا هاوکاری کورد ناکات .

راپۆرتی سەرۆکایەتی جڤاتی ئاسایشی نەتەوەیی تورک سەبارەت بەئۆپەراسیۆن بۆ دەرەوەی سنوورەکان ئاماژەی بەوەداوە کەئەمەبارێکی گرانی ئابووری لەسەر شانی دەوڵەتی تورکیا دادەنێ و دەوڵەتیش ئەو شیانەی نیەو ناتوانێ هەڵیبگرێ ، هەروەها لەسەر ئاستی نێونەتەوەییشدا ئۆپەراسیۆن بۆ دەرەوەی سنوورەکان پەسند ناکرێ و ناکام دەمێنێتەوە، ئەمەش جگەلەزیان شتێکی دیکەی لێ شین نابێ .

راپۆرتەکەپێشنیار دەکات کەسیاسەتێکی وردبین و نەرم لەبەرانبەر هەرێمی کوردستان پێڕۆ بکرێ و هەستی کورد بریندار نەکرێ ، راپۆرتەکەپێشنیاری کردووەکەباشتر وایەحکومەت و هێزەسیاسیەکانی تورکیا پێوەندی لەگەڵ هێزو لایەنەکانی هەرێمی کوردستان دروست و بەهێز بکەن و تەمی گومان و ناحەزی بڕەوێننەوە